## پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک لە 7-11 تاکو 11-11-2005

### زەنگی مۆبایل ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

Korek mob:9647504627120

لەو ڕۆژەوەی بە مۆبایل ببوونە هاوڕی نەیدەتوانی بڕیار بدات، ئایا ئەو ڕاست دەکات یان هەر بۆ ڕابواردنیەتی؟
کوڕەکە هەمیشە لە تەلەفۆن (کە هەردەم دوای نیوەی شەو بۆی زەنگ دەکرد) وای بۆ نیشاندەدا کە دڵسۆزیەتی و نیازی پاکە. . .
بە میمۆری مێشکی خۆی ئەو ڕستانەی کوڕەی بەراورد دەکرد، چونکە دەمێکە وێڵە بەدوای بڕیارێکی ڕاستەقینە،
((گیانەکەم دەزانی لەو ساتەوەی تۆم خۆشویستووە، زانیومە مانای عیشق چلۆنە؟؟))
بەڵام جاربەجاریش ئەو بیری لەوە دەکردەوە، ئەو کوڕە چۆن توانی پەردەی شەرم بشکێنی و زۆر شت لەگەڵم باس بکات کە من هەندێك جار شەرم لەخۆم دەکەمەوە کە گوێم لێدەبێت، بەشەرمەوە ئەو ڕستانەی وەبیر خۆی دێناوە ((گیانەکەم گۆی مەمانت دەمژم تا دەمم ووشك دەبێت، بەهێواشی کراسەکانت لەبەردەکەمەوە، گەر بتهێنم تا بەیانی جووت دەبین و ناخەوین. . . . . هتد))
نەیدەزانی چیبکات. . . ئەم ڕستانەی وا لێکدەدایەوە کە ئەو کوڕە لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە تەنها مەبەستی تێرکردنی ئارەزووی سێکسی خۆیەتی، هەندێك جاریش بە جورئەتەوە لەخۆی دەپرسی: باشە ساکار تۆ بەحیساب قوتابی کۆلیژیی و خۆشت بە مۆدێرنزم دەزانی؟؟ئەی لەبیرت چووەتەوە کە سێکسیش بەشێکە لە خۆشەویستی؟؟
بەڕاستی وێڵ بوو بەدوای بڕیارێك. .
ئەوە بۆ دوو مانگ دەچێت و ئەو کوڕە هەموو شەوێك بەبی پچڕانەوە کاتژمێر 12:30 ی شەو تێلی بۆ دەکات و هەموو پێناسەیەکی خۆی پێگووتوە تەنها شتێك نەبێت، ئەویش خۆیەتی. . . ساکار بیبەش بوو لەم وەڵامە چونکە هەموو جار شوان خۆی دەدزیەوە یان بیانوویەکی دەهێنایەوە. . ساکار حەزی دەکرد شوان ببینی و بەپێش ماڵیان دابێت یان بێتە کۆلیژەکەیان، بەڵام شوان ئەوەی بۆ جیبەجی نەدەکرد. .
ساکار لە ژوورەکەی خۆی کە کەوتبووە نهۆمی سەرەوەی خانووەکەیان بەخەمێکی قووڵەوە لەنێو دەریای پرسیارە بی وەڵام و گومانەکانی خۆی دابوو، بڕیاریدا لەتەلەفۆنی ئەمشەو ئەو مەسەلەیە لەگەڵ شوان یەکلابکاتەوە، یان دەبێت شوان ببینێت یان ئەو پەیوەندییە دەبێت کۆتایی بێت، هەرچەندە بڕیارێکی قورسیش بوو چونکە لە وەڵامەکەی دەترسا، نەوەك شوان دیسان بۆی جیبەجی نەکات. .
ئەوکات ساکار بیبەش دەبێت لەو ووشە جوانانەی کە دوای نیوەی شەوان بەرگوێی دەکەوێت، ئاخر شوان ئەوەندە ڕێك ووشەکانی بەگوێی ساکار دەچرپاند گیانی لەگەڵ ڕادەمووسا، شوان لە وەسفەکانیدا ئەوەندە هونەرمەندانە بوو ساکار وای هەست دەکرد ئەوە لە تەنیشتییەتی و بۆی دەجریوێنیت، بەتایبەتی لەمەسەلە ڕۆمانسی و سێکسییەکان، ئەوە هەرچەندە تائێستا شوان دەمی بەزارو مەمانی ساکار نەکەوتبوو، بەڵام لە نەستەکانی بۆ ساکار وەکو ئەوە وابوو کە چەندان ساڵە خێزانیەتی، بۆیە هەردەم لەدوای تەواوبوونی هەر تەلەفۆنێك تێربوونێکی خۆشەویستی و جەستەو سێکسی دەهات.

بەڵام لەگەڵ ئەوانەش ساکار گەیشتە ئەو بڕیارەی کە گرنگترین شت لەو پەیوەندییە بینینی کوڕەکەو ئاشنابوونە بە گشت ڕووداوە تەلەفۆنیەکان لە ڕێگای باسکردنێکی ڕووبەڕوو و بەراورد کردن و پەسەندکردنی قسەگەلەکانی پێشووی.
ساکار تەماشای کاتژمێرەکەی کرد میلەکە سەعات 11 ی بۆ نیشاندەدا بۆ دڵنیابوون تەماشای تایمی سەر کۆمپیوتەرەکەی کرد هەمان کاتی بۆ نیشاندەدا، نەیدەزانی چیبکات؟؟ دەرگای سەربانی کردەوەو پیاسەیەکی لەنێو سەربانەکە کرد، بەڵام لەبەرئەوەی دوودڵ و بی ئارام بوو زۆر بەخێرایی لە نێو سەربانەکە دەخولایەوە و هەر تەماشای کاتژمێرەکەی دەکرد، بەڵام چرکەژمێرەکە بەپێچەوانەی پیاسەکانی ساکار هێواش دەخولایەوە چونکە ئەو هەمیشە ئەوە کاریەتی، بۆیە حەزناکات خێرابکات.
ساکار ئارامی لێبڕاو نەیتوانی بەرگەی کات بگری و هەر لەسەربانەکە بڕیاریدا تەلەفۆن بۆ شوان بکاو، مۆبایلەکەی لە گیرفانی تراکسوودەکەی دەرهێناو ژمارەکەی شوانی لێداو وەڵامێکی سەیری گوی لێبوو کە قەت پێشبینی نەدەکرد ( (یەکەی پێویستت نەماوە بۆ تەواوکردنی پەیوەندییەکەت پێویستت بە داخڵ کردنی یەکە هەیە) ) نەیدەزانی پێبکەنی یان بگری؟ ئەو لەبیری چووبوەوە کە مۆبایلەکەی ئەمڕۆ تەنها دۆلارێکی تێدامابوو و ئەو دۆلارەش برا بچووکەکەی سەرفی کردبوو کاتێك بەدزی ساکار تێلی بۆ برادەرەکانی کردبوو.
.
ساکار هاتە خوارەوەو مۆبایلێك کە لەسەر پلیکانەکان دانرابوون و هی براگەورەکەی بوو لەگەڵ خۆی هێنایە سەرەوەو هاتە ژوورەکەی بۆ ئەوەی تەلەفۆنی بۆ شوان پێبکات، بینی سۆما خوشکە بچووکەکەی کە تەمەنی 10 ساڵان بوو لەسەر کۆمپیوتەرەکە یاری دەکرد.
ساکار: سۆما گیان هەڵسە ئیشم هەیە لەسەر کۆمپیوتەر؟
سۆما: بۆخۆم یاری دەکەم؟
ساکا ر بە توورەییەوە کە هەڵچوونی پێوە دیاربوو: سۆما پێت دەڵێم هەڵسە. .
سۆما دەستی بەگریان کردوو: وەڵڵاهی هەلناستم
لە شانسی ساکار ئەوە یەکەمجارە سۆما ئاوا بەگوێی نەکا. .
ساکار بی ئەوەی هیچی تر لەگەڵ سۆما بڵێت، چووە دەرەوەو لەنێو سەربانەکە ژمارەی شوانی لێداو جەرەس لێیدا، بەڵام زۆر پێی سەیر بوو لەهەمان کات گوێی لە زەنگی مۆبایلێك بوو لە خوارەوە وەکو ئەوەی لە حەوشەی خۆیان بێت مۆبایلەکەی بە گوێی بوو هات تەماشای ئەو کەسە بکات کە زەنگی مۆبایلەکەی لێدەدات، شوان هەڵی گرت.
ساکار: شوان چۆنی؟
شوان: ئەوە چییە ساکارۆکە چیبووە؟
لەو دەمەدا ساکار گەیشتە ستارەی سەربانەکەیان و لە حەوشەکەی خۆیان کەسی نەبینی، بەڵام کە ئاوڕی دایەوە بینی وا (محمد) ی هاوسێیان لە حەوشەکەی خۆیاندایەوەو قسەدەکات.
شوان: ساکار ئەوە بۆ قسە ناکەی
هەمان ئەو قسە بوو کە (محمد) کردی و ساکار لە محمدی گوی لێبوو؟
ساکار زۆر تاساو کەچی بۆ دڵنیابوون لەو حاڵەتەی کە وا بەچاوی خۆی بینی و گوێی لێبوو ساکار گووتی:
شوان سەرت بڵند بکەو تەماشای ماڵمان بکە؟
محمد سەری بڵند کردو ساکاری بینی. . . . . .